# چاوی سێیەمی حیزب

بارام صبحی

دەتوانین بڵێین بەرنامەی چاوی سێیەمی کوردسات، بەرنامەیەکی نوێیە بەنیسبەت میدیای کوردییەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ناو ناوەڕۆکی بەرنامەکە لەمیدیای عەرەبییەوە وەرگیراوەو، وەرگێڕانی بۆ کوردیو پێشکەشکردنی بەو جۆرە مایەی (زیرەکی) پێشکەشکارەکەیەتی، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەو بەرنامەیە کە لەکەناڵیکی حیزبییەوە پێشکەش دەکرێتو کەسە باڵاکانی حیزب بانگهێشت دەکرێن بە "چاوی سێیەمی جەماوەر" ناوی بەرین. لەماوەی ئەو چەند ئەڵقەیەی کە بەرنامەکە هەبوە ژمارەیەك سەرنجم لەلا گەڵاڵە بوە لەسەر بەرنامەکە، بەجۆرێك پێموایە ئەو بەرنامەیە ئەوەندەی ویستوێتی چاوی حیزب ئەوەندە نەیتوانیوە چاوی جەماوەربێتو "ئەو شتانە ببینێت کە جەماوەر نەیبینیوە"، لێرەشدا بەکورتی ئەو سەرنجانە دەخەمەڕوو کە ڕەنگە هەندێکیان پەیوەندی بە توانای پێشکەشکارەکەوەوهەبێتو هەندێکیشی پەیوەندی بە ستراتیژی کەناڵەکەوە بێت، ناو هێنانی چەند کەسێکیش لێرەدا زیاتر بۆ ڕونکردنەوەیەو هیچ مەبەستێکی نێگەتیڤی لەپشتەوەنیە:

1. کەناڵی ئەلعەرەبیە ماوەیەکی زۆرە بەرنامەی (العین الثالثة)ی هەیە، کە دواتر کوردسات ئەوناە دەکات بەناوی بەرنامەیەکی خۆی، ناوەڕۆکی بەرنامەکەش لەبەرنامەی (حوار المفتوح)ی کەناڵی ئاسمانی جەزیرەوە وەرگیراوە، بۆیە ناوی ئەو کەناڵانەم هێنا چونکە دەزانم ژمارەیەکی زۆری بینەری کورد ڕۆژانە تەماشای ئەو کەناڵانە دەکات بۆ ئاگاداربوون لەبارودۆخی ڕوداوەکانی جیهان. کەواتە ناتوانین بڵێین ئەو بە رنامەیە بەرهەمی عەقڵی میدیای کوردیە، وەکچۆن ڕۆیکی نوێی کوردساتیش لە (هذالصباح)ی جەزیرەوە وەرگیراوە.

2. لەئەڵقەیەکی بەرنامەکەدا کە تایبەت بوو بەقسەکردن لەسەر ڕۆتینی ناو فەرمانگەکان، کەدەبوو بەرپرسی یەکەمی حکومەت ئامادەبوایە، بەڵام بەرپرسی ڕاگەیاندنو پەیوەندیەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەبوو، کە دیارە ئەو بەرێزانەش هیچ پۆستێکی ئیداریان نیەو وەك بینیمان لەوەڵامی بینەرێکدا بێدەسەڵاتی خۆیان پیشاندا، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین (عەتا قەرەداخی) لەو بەرنامەیەدا زۆر داکۆکی لەوەدەکرد کە دەبوو ئەو کەسانە ئامادەبونایە، ئیدی نازانم هەڵبژاردنی ئەو کەسانە پەیوەندی بە کوردساتەوە هەیە، یان بەخودی ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەکەوە.

3. لەو ئەڵقەیەی بەرنامەکە کەدوای ڕودواوەکەی (3/16)ی هەڵەبجە پێشکەشکرا، یەکێك لەمیوانەکان (مەلابەختیار)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوو، دەکرێت ئەمەش بەهەڵەیەکی

زەقی ئەو بەرنامەیە دەست نیشان بکەین، چونکە ئەو بەڕێزە هیچ پۆستێکی سیاسیو ئیداری لە ئێستای هەڵەبجەدا نیە، تەنها لەسەردەمی شاخدا لەوێ سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگەی کردوە، لە بەرامبەردا دەبوو، نوێنەری حکومەتی هەرێم یاخود قایمقامی هەڵەبجە یان بەرپرسێکی حیزبی ئەو سنورە ئامادەی بوایە. جگە لەوە لەو بەرنامەیەدا شێوەکارێکیش ئامادەبوو، تاکۆتایی نەمانزانی حیکمەتی بانگهێشتکردنی ئەو مامۆستایە چی بوو؟ بەبۆچوونی من لەم چەند نمونەیەی دیکەشدا کەباسی دەکەین جەردەکەوێت هەڵسوڕێنەرانی ئەو بەرنامەیە لە بانگهێشتکردنی میوانەکاندا لاوازن.

4. ئەڵقەی دوای ئەوە تایبەت بوو بەقسەکردن لەسەر کارەساتی ئەنفال، لەم بەرنامەیەشدا هەڵەی زەق لەمیوانەکاندا هەبوو، بەنمونە میوانداریکردنی کاك (ئازاد جوندیانی) بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی، وەك دەزانین ناوبراو پۆستی حکومی نیەو بەرپرسێکی حیزبیەو، تائێستا توێژینەوەیەکی لەسەر ئەنفال نیەو، ناوچەکەشی کەمترین زیانی بەرکەوتوە لە کارەساتی ئەنفالدا، کەواتە ئەگەر بەرنامەکە چاوی سێیەمی حیزب نەبێت بۆ دەبێت ئەو بانگهێشتبکرێت؟ یەکێکی دیکە لەمیوانەکان وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران بوو، ئاخۆ دەبێت پەیوەندی ئەو ئەنفال چی بێت؟ تەنها لەبەرئەوەی وەزیری مافی مرۆڤ بوە بەوەکالەت! هەر لەو بەرنامەیەدا دەبوو بەڕێوەبەری قوربانیانی ئەنفالی وەزارەت ئامادەبوایە، چونکە ئەو بەڕێزە خۆی چوەتە سەرگۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشوری عێراق و زانیاری زۆر وردی لایە، لەو بەرنامەیەشدا زۆرباسی گۆڕی بەکۆمەڵ کرا.

5. بەرنامەی چاوی سێیەم ئەڵقەیەکی دیکەی تایبەت کردبوو بەقسەکردن لەسەرگەنج بەتایبەتی کۆچی گەنجان بەرەو هەندەران، لەم بەرنامەیەشدا هەڵەی زۆر هەبو لە دەست نیشانکردنی میوانەکاندا، دیشانەوە بەرپرسیچکی حیزبی بانگهێشتکرابوو، (سەعدی ئەحمەد پیرە) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەو پێیەی کە "نزیکە لەگەنجانەوە"، نازانم نزیکی ئەو بەڕێزە چیە لە گەنجەوە؟ ئەوێك بەرپرسێکی حیزبی چۆن پەیوەندیەکی بەگەنجانەوە هەیە؟ دواتر ئەوباس لەگەنجان دەکات، بەپێی زانیاریەکانی لای من ئەو بەڕێزە بەڵگەنامەی سەفەری هەیەو زۆر بەئاسانی دەتوانێت سەفەری ولاتان بکات، ئەمە لەلایەك! لەلایەکی دیکەوە ناوبراو لەهەولێر دەژێت، لەکاتێکدا کۆچی گەنجان زیاتر لەناوچەکانی بتوێنو شارەزورو گەرمیان زۆرە! باشە کە وەزیری وەرزشو لاوان هەبێت بۆچی لەبەرنامەیەکی لەوجۆرەدا میوانداری ناکرێتو، کارنامەی وەزارەتەکەی ناخرێتە ژێر پرسیارەوە؟ یاخود هۆکارەکەی ئەوەیە بەرپرسێکی بالأی حیزبی دەڤەری سلێمانی نیە؟؟!

یەکێك لەو کەسانەی کەدەبوو لەبەرنامەکەدا هەبوایە، (هەڵکەوت عەبدولا)ی خاوەنی پرۆژەی (گەنج بۆ گەنج) بوو، کە پرۆژەیەکی فراوانەو لە زۆرێك لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان خراوەتە ڕوو، بەلأم دەبێت لێرەدا ئەو پرسیارە ئاراستەی ستافی بەرنامەکە بکەین، گەر دەتانەوێت بەرنامەکەتان بەرنامەیەکی جدیو جەماوەری بێت، بۆ دەبێت لەهەر بەرنامەیەکدا بەرپرسێکی حیزبی هەبێت؟ یاخود (ڕەنج سەنگاوی) بۆخۆی خوێندکاری بەشی ڕاگەیاندنەو دەبێت کەسێکی ئەکادیمی بێتو

شارەزا بێت لەهەڵبژاردنەکانی میوانەکانیدا، بۆ دەکەوێتە ئەو هەڵە زەقانەوە؟

6. لە ئەڵقەیەکی دیکەی ئەو بەرنامەیەدا کە تایبەت بوو بەقسەکردن لەسەر بواری پەروەردە لەکوردستاندا، جارێکی دیکە بێتوانایی ئەو بەڕێزانە دەرکەوت لە بانگهێشتکردنی میوانەکاندا، چونکە چی پێویست دەکات کە وەزیر ئامادەبوو، بریکارەکەشی میوانداری بکرێت، بەشێکی زۆری ئەو بەرنامەیە تەرخانکرابوو بۆ قسەکردن لەسەر مەنهەجی خوێندن، کەچی بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی وەزارەتی پەروەردە کە تایبەتە بە گۆڕینی مەنهەج و پلانی وەزارەت ئامادەنەبوو، ئەوەش سیحرێکی دیکەی ئەو بەرنامەیەو، گەر کەمێك وردبێنەوە لێی نهێنیەکانی بۆمان دەردەکەوێت.

دوونوسەر لەکوردستان خاوەنی تێزی جوان و مۆدێرنن لەسەر پەروەردە، ئەوانیش (فاروق ڕەفیق و فایەق سەعید)ن، بەڵام ئەوەی مایەی پرسیارە ئەوەیە بەرنامەکە ئەو دووکەسەی لەبیرکردبوو، یاخود بەئەنقەست میوانداری نەکردبوون. لەبەرامبەردا مامۆستایەکی زانکۆو ڕۆژنامەنوسێکی هێنابوە سەرمێزی دیالۆگ، لەو بڕوایەدام ئەگەر ڕۆژنامەنوسەکە کە مامۆستاشە زۆر ڕەخنەی بگرتایەو وەزیری پەروەردەی تووشی شۆك بکردایە، ئەوا دوورنەبوو هاوشێوەی ئەندامانی فەرمانگەی (DOPS) لە وەزیفەکەی لابرایە یاخود بگواسترایەتەوە بۆ شوێنێکی دوور.

7. بۆقسەکردن لەسەر بارودۆخی هونەرمەندان و ڕێکخراوەکانیان، جگە لەسەرۆکی هەردوو ڕێکخراوەکەی هونەرمەندان دووهونەرمەندی دیکەش میوانداری کرابوون بۆ ئەڵقەیەکی تایبەتی چاوی سێیەم، لەم بەرنامەیەدشدا ستافی ئەو بەرنامەیە نەیتوانی هاوسەنگی بەرنامەکە ڕاگرێت، چونکە دەبوو بەرامبەر (ئەحمەد سالار)ی هونەرمەندو سکرتێر، هونەرمەندێکی شاری هەولێر لەسەر مێزی دیالۆگەکە بوایە، ئەمەش زۆر بەڕوونی لەبەرنامەکەدا ڕەنگیدایەوەو هەر لەسەرەتاوە هونەرمەندەکانی سەرخوانی دیالۆگەکە ئەوەیان ڕوونکردەوە کە ئاگاداری بارودۆخی ڕێکخراوەکەی هەولێرنین، بۆیە دەبێت لێرەوە بپرسین دوای ئەو هەموو هەڵانەی کە بەرنامەکە تێیدەکەوێت لەبریە چارەسەرکردنی بۆ بەردەوام دەبێت لەسەری.

8. بۆ ئەوەی وتارەکەش زۆر درێژنەبێتەوە لێرەوە ئاماژە بەو بەرنامەیەش دەکەم کە تایبەت بوو بەقسەکردن لەسەر دیاردەی گەورە بەبچوك و هاوپەیەندەکانی، دەبوو لەم بەرنامەیەشدا سەرنوسەری (ڕێوان) کە ئەنجامدەری ڕاپرسیەکەو ژنێکی ڕۆشنبیرو نوسەرە بانگهێشتبکرایە نەك ڕۆژنامەنووسێك کە ڕەنگە هێندەی ناوبراو شارەزایی و لێکۆڵینەوەی نەبێت لەڕاپۆرتی پێشەکی بەرنامەکەشدا ئاماچە بە کارەکانی ڕوناك خان کرا، ئەمە دەربارەی میوانەکان و لاوازی ئەوحاڵەتەش لەبەرنامەکە بەدیدەکرا. لە زۆرکاتیشدا کە دکتۆرگەزنەیی و حاکم عومەر ئاماژەیان بە شەریعەت و یاسادەکرد کاکی پێشکەشکار گومانی دەخستنە سەر، ئەوەش نەدەبوو بەوجۆرە بوایە چونکە لەدنیادا نیە دادوەرێك پاش دەرچوونی بڕیارێك خۆی بچێت کەس سەرپێچیکار دەستگیر بکات، ئەوەی مەحکومە

بە بەجێهێنانی دەقە ئاینیو یاساییەکان جەماوەرن‌و هەر بۆ ئەوانیشە، لەبەر ئەوە تاوانی یاساو شەریعەت نیە کە ئەو حاڵەتانە دەبن.

9. دەربارەی لایەنی ئیدارەی گفتوگۆکەش کە پێشکەشکاری بەرنامەکە دەگرێتەوە، ئەویش بێ کەموکوڕی نەبوە، بۆ نمونە ئەگەر لەبەرنامەیەکدا گفتوگۆی نێوان میوانەکانی سەر مێزی دیالۆگ بگەیشتایەتە ڕادەی هەڵچون ، ئەوا باشترین چارەسەر ناوبڕیك دەبوو، لە کاتێکدا ئەگەر تەماشای بەرنامەی (الاتجاه المعاکس) بکەین، زۆربەی بگرە هەموو بەرنامەکانیش هەڵچون لەنێوان میوانەکاندا ڕوودەدات، بەلاّم پێشکەشکاری بەرنامەکە بەلێهاتوویی خۆی ئەوە چارەسەردەکات‌و درێژە بەبەرنامەکەی دەدات.

10. دواسەرنجیشم لەسەر بەرنامەی چاوی سێیەم ئەوەیە، کە (ڕەنج سەنگاوی) زۆرجار پرسیارەکانی زۆر درێژدەکاتەوەو ڕونکردنەوەی زیاتری لەسەردەدات کەلەهەندێك حاڵەتدا پێویست بەوەناکات، چونکە میوانەکان لەسەریەك مێز دانیشتوون‌و گوێیان لەقسەکانی یەکتردەبێت‌و بەوەش لەکاتی بەرنامەکە کەم دەبێتەوەو، دواجار دەرفەتێکی کەم دەدرێت بەوکەسانەی لەپشتی مێزەکەوە دانیشتوون‌و هەندێکجار هەرەکو باکگراوندێکیان لێدێت بۆ بەرنامەکە، نەك کەسانێك بانگهێشتکرابن بۆ گفتوگۆو هەوڵدان بۆ دۆزینەوی ڕێگە چارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بەهیوای گۆڕان‌و بەردەوامیو پێشکەوتنی ئەو بەرنامەیە، چونکە سەنگاوی لەماوەی ڕابردودا چەندین بەرنامەی پێشکەشکردوە، بەلاّم تەمەنیان کورت بوە، بەهیوایم چاوی سێیەمیش بەو دەردە نەچێت.